www.kurdistannet.org
27-6-2006 19:59 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## تۆ دیاری کێی؟ ... کانی هەڵەبجەیی

پێم بڵێ تۆ کێی؟ لەدایک بوی کام گوڵاڵەی؟
لەسەر خاکی کام پەڕە گوڵ بە ژین شاد بوی
بە ناسکی کام پەپولە پەروەردە بوی
دە پێم بڵێ... تۆ چۆن ناونیشانی منت هێنا
کام فریشتە ناوی منی لەلات هێنا
نازانم پەروەردگار هەمو ئەم جوانییەی بۆ پێ بەخشیوی
هەتا ئێستا من تێناگەم چۆن گوڵی عەشقی خۆمم پێ چنیوی
دە پێم بڵێ لە کوێوە هاتی؟ کێ بۆ منی ناردی؟
کێیە هێندەی خۆش دەوێم تا تۆم لە کەناری چۆڵما بۆ جێ بێڵێ
ئەمە ئەبێت تەنها کاری تۆ بێت ئەی خوداوەند.... . جگە لە تۆ هیچ کەس نییە توانای هەبێ.... .
کۆشکی عەشقم بۆ دروست کاو، کەپری خەمم بۆ بشکێنێ
بەڵام تۆ هەر کەس بیو خەڵکی هەر شوێنێک بی.... شازادەی وڵاتی دڵمی
گەر بنچینەکەت دڕکێکیش بێت... لە باخچەمدا تاکە گوڵمی.
لە باخچەمدا تاکە گوڵمی

هۆڵندا